ساڵنامەی تاقیکردنەوەکانی سنووری ئەو پێوەردانەی بایکۆتی دەوامیان کردبوو بەاوکرایەوە

بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەی سلێمانی، هەڵەبجە، گەرمیان، راپەڕین و کەیە کە پێشتر بڕیاری بایکۆتی خوێندنەوە لە کاتی خۆیدا ئەنجامنەدابوو، ساڵنامەی تاقیکردنەوەکانیان بڕاوەکردەوە.

بۆ ساڵنامەی تاقیکردنەوەکان، هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە قۆناغی چواری بنەڕەتی تا 12ی ئامادەیی تاقیکردنەوەکانی نیوەی وەرز لە 20 نمرە لە 6ی ئازار دەستپێدەکەن و لە 19ی ئازار کۆتایی دێت، تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز لە چواری بنەڕەتی بۆ 11ی ئامادەیی جگە لە قۆناغی نۆ لە ڕێکەوتی 19ی ئایار دەستپێدەکەن و لە 30 ئایار کۆتایی دێت کە لەسەر 60 نمرە تاقیکردنەوە ئەنجام دەدرێن.

هەر بۆ ساڵنامەکە تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی قۆناغی نۆی بنەڕەتی لە ڕێکەوتی 21ی نیسان دەستپێدەکەن و لە 30 نیسان کۆتایی دێت، تایبەت بە قۆناغی 12، لە 28ی نیسان دەستپێدەکەن و 6ی ئایار کۆتایی دێت.